www.kurdistannet.org
5-10-2006 1:11 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كۆنە مستەشارێک بە خۆی دەڵێت من زامی گەلێکم، بەڵی تۆ زامی گەلیکی ... باوکی دارین

[ من زامی گەلێکم ] ئەمە ناونیشانی بابەتێكە كە لەرۆژنامەی میدیا لە ژمارەی (259) رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/9/26 بڵاوكراوەتەوە، كە نووسەرەكەی كۆنە مستەشارێكە بە ناوی (سالار قەرەوەیسی) ە...

هەركەسێكی بە ویژدان كە تۆزێك ژان و ناخۆشیی ڕۆژانی تاڵی سەردەمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕی بینیبێ بێ گومان خۆی پێناگیرێ و یەكسەر دێتە قسە... من كە كەسێكم نە نووسەرم نە رۆژنامەنووسم نە رەخنەگرم، بەڵام كاتێ یەكێك كە بابەتێكی وەك ئەوەی ئەم بەڕێزە نووسیویەتی و بڵاوی دەكاتەوە دەی نوسێتەوە بەراستی بەرد دەهێنێتە هەژان، لاڵ دێنێتە گۆ!!!!؟؟؟؟

نووسەری بابەتەكە لەسەرە تادا كە دەست بە نووسینەكەی كردووە خۆی بە وە دەناسێنێ كە گوایا یەكێك بووە لەو مستەشارانەی كە لە ساڵانی 1988 لە بەرەی جەنگ دابووە و خۆی بە كۆنە پێشمەرگەی یەكێتی دادەنێت و دەڵێت گوایا چەند خزمەتی بەعسی كردووە دوو ئەوەندە خزمەتی یەكێتی كردووە، فەخریش بە موستەشاریەتی خۆی دەكات بە بیانوو و ناتۆرەی ئاینی كەوا لای خوای گەورە چەندە سەری بەرزە. تێناگەین بەچ جۆرێك!!!؟؟، گوایا لاف و گەزافی پیاوەتی بەسەر مانەوە لێدەدات كە لەو ماوەیە توانیویەتی نزیكەی (5000) پێنج هەزار ژن و پیاو منداڵ و پێشمەرگە لە بەر هەباشەی دوژمندا ڕزگار بكات. لەم باسەی بە تەواوەتی دژی قسەكانی خۆی وەستاوەتەوە كە چەند خزمەتی بەعسی كردووە بەوەی كەوا بەعسی بە دوژمن داناوە...

كەس نازانێ ئەم ژمارە زۆرە لە چ مەترسییەكدا بوون ئەوا ئەم بەڕێزە وا ڕزگاری كردوون وە چی بۆ كردوون. پاشان دێتە سەر ئەوەی كە ئەو خەڵكی ناوچەی قەرەداغە ڕۆژانە بە ئۆتۆمبێلی خۆی ئەوانەی تایبەت بوون بە فەوجەكەی بە دزی ناردۆتە ناو شار..

پاشان باسی بەڕێزێكی تر دەكات كە گوایا جارێك هاتۆتە لای و داوای یارمەتی لێكردووە كە خەڵكی گوندی (تەڕەمار) ە، پێیوتووە " هەرچییەكمان هەیە وان لە تەكیەدا چواردەوری شار گیراوە یەك یەك بەشوێنیاندا دەگەڕێن فریامان كەوە " دەڵی بە پشتیوانی خوای گەورە چوینە هانایانەوە و یارمەتیمان دان و ڕزگاریانم كرد...

باشە بەڕێز ئەم هەموو پاڵەوانیەتە و ڕزگاركردنەی هاوڵاتیان ئەبێ چۆن بووبێ وابە یەك دێڕ و بە ئاسانی دەی بڕیتەوە و دەڵی ڕزگارمان كردن، پاشان لە چ مەترسیەك بە چ شێوەیەك رزگاریانتكرد با بزانین با دەستخۆشیت لێبكەین بە شانوو باڵت هەڵبدەین، بەڵام تۆ ڕووداوەكە وا باس دەكەیت كەوا لە بەرداخێك ئاو خواردنەوە ئاسانترە چاوەڕی چیمان لێدەكەیت،

خۆی بەراور دەكات بە ئەو سەركردە و لێپرسراوانەی كە كاتی خۆی پێشمەرگەبوون و دەڵێت گوایا ئەو لەوان كوردپەروەرتر و بەوەفاتر بووە بەرامبەر بە گەلەكەی؟؟ بەوەی لە پاڵ ڕژێمی بەعس خزمەتی كوردو كوردستانی كردووە.

دەیەوێت لەسێدارەدانی قازی محەمەد و تیرۆركردنی د. قاسملۆ و شەرەفكەندی هەلقۆزێتەوە و هەستی خوێنەر ببزوێنی بەلای خۆی، وادەردەخات كەوا سەركردەو لێپرسراوانی ئەوكاتەی شۆڕش دەستیان لەگەڵ بكوژانی ئەم سەركرادانە تێكەڵبووە، لەكاتێكدا ئەو یارمەتی گەلەكەی خۆی داوە. باسی ئەوە ناكات كەئەو دەستی لەگەڵ بكوژ و خوێن مژی دیكتاتۆری گەلەكەی تێكەڵكردووە، باس لەوە دەكات كە گوایە لە تەمەنی 17-18 ساڵی پێشمەرگەبووە بەقسەی خۆی پێیان وتوە كە دەبێ پەرێزتان پاك بێ واتە دیل لەگەڵ خۆتان نەهێننەوە، وا پێدەچێت هەستی مرۆڤایەتی جوڵابێتەوە و زۆری پێناخۆشبووە،

باس لەوە ناکات کە بۆچی ریزی پێشمەرگایەتی بە جێهێشتووە لە کاتێکدا هەموومان باش دەزانین ئەوەی پێشمەرگەیەی شاخی بەجێبهێشتایە یان ئەوەتا خۆفرۆش بووە یان گەڕاوەتەوە بۆتە جاش و ئیستخبارات، تەنیا هەندێکیان نەبێت کە بە زروی تایبەتی خۆیان گەڕاونەتەوە، لە مەوە وادەردەکەوێت کە ئەو گەڕاوەتەوە و بۆتە مستەشار خۆزگە بە جاشیش....
ڕوو لە سەرکردەکانمان دەکات و دەڵێت کە لەوانەیە گاڵتە بە سەدام بکەن کەچی ئەو سەدام بە پیاو تر دەزانی لەوان پاساویش بۆ قسەکانی ئەوەیە لە دەستی ئەمریکا ڕای نەکردووە و ماوەتەوە تا بەدیل گیراوە... کەسێك ئەوە هەستی بێت بەرامبەر بە دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام چاوەڕێ ی چی لێدەکرێت کە خزمەتی گەلەکەی بکات؟؟؟!!!
لێپرساوان بەوە دەترسێنێ کەوا ئەگەر ڕێگایان پێبدەن ئەوا خۆی و کەس و کاری و چەکدارەکانی پێشووی و کوڕەکانیان کە ئێستا گەورە بوون لەلای حزبە کوردستانییەکان چەکدارن لە چواردەوری خۆی کۆدەکاتەوە و هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دروست دەکات تا بزانرێت ئەگەر ئەوانە لێیان بڕەوێنەوە (حزبەکان) ئەوا کەسیان لە چواردەور نامێنێ و کێشی راستەقینەی خۆیان دەزانن دەڵێت خۆیان باش دەزانن لەودیوو لە ئێران چەند کەسیان لە دەوربوو هەر ئەوەندە دەمێنێتەوە...
لە کۆتایدا دەڵێت گوایا کە بە نامەی تایبەتی بەڕێزمام جەلال ئەو چەندانی وەك ئەو بەشداری کاری گەڕانەوەی کردووە لە راپڕین، بەڵکو ئەمە راستەقینەیەکی حاشا هەڵنەگرە. دەلێت گوایا ئێوارانی ئەو سەردەمە زۆربەی مەسئولەکان لە ماڵەکانی ئەوان دەعوەتی مەی خواردن بوون تەنانەت شەو کەدەڕۆیشتنەوە ئەوەی دەمایەوە لەگەڵ خۆیان دەیان بردەوە لەگەَ خۆیان.
دەمەوێت ئەوە بە جەنابت رابگەیەنم کەوا من ئەوە یەکەم جارە ناوی جەنابتانم بیستبێت تەنانەت ناش زانم ئێستا لەکوێ نیشتەجێی بەڵام لە قسەکانت بۆ نی زۆر شت دەکرێت زەنگی زۆر ترسناك لێدەدرێت بۆ یە من لە کۆتایدا بە چەند پەیڤێك وەڵامی بابەتەکەی ئەم بەڕێزە دەدەمەوە، لە قسەکانت وادیارە جەنابت دەتەوی ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە لە کوردستان کە خەڵکی تاڕادەیەك بێزارن لە لێپسراوان و دەسەڵاتداران هەڵقۆزیتەوە و جۆرە عەتفێك بۆ لای خۆت راکێشیت، پاشان تۆ دەڵێیت گوایا موستەشاریت کردووە کەوا خۆت و بنەماڵەکەت بپارێزیت باشە لە چی بیپارێزیت لەو دیکتاتۆرەی کە جەنابت بە پیاوتر و نیشتمان
پەروەرتری دادەنێی لە سەرکردەکانمان یان لە شتی تر کەوا لەوانەیە ئێمە نەیزانین، باشە دەڵێیت کەوا جەنابتان خواش لێتان ڕازیە لەو مستەشاریەی کردووتە؟ باشە خوا لەچی تۆ ڕازیە لەوەی ئەو هەموو کوشتارەت پەردەپۆش کردووە یان چەند هەزار کەسێکت لە لادێکانەوە بەرەوە شار بەڕێ کردوە کە ئەوەش بەشێکە لە ئەنفال کە ڕاگواستن بووە بەڵام ئەمرۆ دەی کەیتە پیاوەتی بەسەرمانەوە ....
تۆ لە قسەکانت دیارە ئێستا ڕوولە خوای چونکە جاران لە مەجلیسی مەی خواردنەوە بەشداریت کردووە و دەعوەتت پێوەکردووە بەڵام سەرکردە ئاسای خۆت کە لێت قەوماوە یەکسەر گێڕت گۆڕیوە بۆ لای خوا پەرستی و خێر و خێرات، سەرۆکەیشت کە لە کوێت دۆڕا و شەرمەزاری دنیا و قیامەت بوو زانی ووردە ووردە کەسی لە دەور نەما بایدایە لای دیانەت و خوا پەرستی، ئێمە نەخاسمە یان خوانەخواستە خواپەرستیمان پێخرابێت بەڵام بۆ تا لە لوتکەی دەسەڵات بوون خواتان نەدەناسی کە لێی کەوتن یەکسەر پاڵتان دایە بەری. دڵنیابە خوا وا بەئاسانی لێتان خۆش نابێت.
ئەگەر جەنابیشت بتەوێت بە وروژاندنی بابەتی وەکو باس لە بکوژانی شەهیدان قازی محەمەد و د. قاسملۆ و شەرەفکەندی ئەوا وادەربخەی کە سەرکردەکانمان دەستیان لە گەڵ ئەوان تێکەڵکردووە بۆ گەیشتن بەم رۆژە، ئەوە لەمە دڵنیابە کە وەکو جەنابت سەدان پیاوەتیان کردووە بۆ گەلەکەیان. بەوەش بمان ترسێنیت کەوا هێزێك لە کەس و کارو کۆنە جاشەکانت دروست دەکەیت، ئەوا لەوە

دڵنیابە كە جەنابتمان و سەدانی وەكو جەنابت بە فەرمانی سەركردایەتی كورد وا بە سەربەستی دێن ودەچن و قسە دەكەن،
ئەگەر مەبەستیشت لەم بابەتە ئەوەبێ كە ڕێگا بۆخۆت خۆش بكەی كە بچیتەوە باوەشی حكومەتی تازە و بە تەنگی ئەو بانگەوازەوە بچیت كە بۆتان كراوە فەرموو بڕۆن بە خۆت وكۆنە جاشەكانت.....
هەر ئەوەتان لێچاوەڕێ دەكرا. بەراستی تۆ و هاوشێوەی تۆ زامیی گەڵێكن پێویستە چارەسەربكرێن

باوكی دارین

هەولێر 2006/10/1